کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 22:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەلگەنامەکان سەرنج بۆ ئەوە دەدەن کە دەزگاکانی هەولگری ئەمەریکی ئەو زانیارانەی کە دەبووە هۆی ئاشکراکردنی هێرش کەرەکان، نەیان گەیاندووتە شوێنی مەبەست ... وەرەرگێڕانی: مەهدی کاوانی**

تێبینی:



1-ئەو بابەتە بە زمانی عەرەبی لە لایەن / عثمان تزغارت /پاریس/2007/09/11 نوسراوەو منیش (مەهدی کاوانی / بەریتانیا /2007/09/14 لە بەر هەستیاری بابەتەکە بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی بگاتە دەست خوێنەران بە ئەمانەتەوە بێ دەسکاری کردن وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کاتی وەرگێڕانیش پشتم بەوە بەستوە کە ناوەرۆکەکەی تەواوی مانا بدات نەک وەرگێڕانێکی پیتاوپیتی.

2 – کە بابەتەکەم وەرگێڕاوە بەو مانایە نیە کە من لە گەڵ ڕاستی یان ناڕاستی بابەتەکە بم، کە لێدوانی خۆشم لە سەر نەکردووە، کارەکە بۆ ئێوەی خۆشەویست بەجێ دێڵم. گرنگ ئەوەیە کە خوێنەری کوردی ئاشنا بێت بە ڕای جیاواز.

بەشی یەکەم

ئێستاکە شەش ساڵ بە سەر 11ی سەپتێمبەر تێ دەپەڕێ... لە کەمتەرخەمیە، بە ئەنقەستە یان پیلانە، ڕووداوەکە لە شوێن خۆیەتی وساغ نەبووتەوە!!!

قسەکردن لە سەر 11ی سەپتێمبەر زۆرە هەتا لایەنی خوڕافاتیشی پێوە نراوە

نوسەرێکی فەرەنسی لە ساڵی 2002 پەرتوکێکی دەرکرد لە ژێرناونیشانی (هیچ فرۆکەیەک خۆی لە بینایەی پنتاگۆن نەداوە بەلکو ساروخی پێ کەوتووە) توانی کریارێکی یەکجار زۆر بۆ پەرتووکەکەی لە هەموو جیهان پەیدا بکات. قسەو باسی لەو بابەتانەش هەیە کە 19 کەسەکە پاش ڕووداوەکە پەیوەندیان بە کەس وکاریانەوە کردووە.

هەنە دەڵێن ئیسرائیلیەکان دەستیان یان زانیاریان لەو ڕووداوە هەبووەو بەدواچوونیان تیا کردووەو بە یەهودیەکانیان گوتیە کە کە بینایەکە بەجێ بێڵن.

ئەگەرچی قسەوباسێکی زۆر لە سەر ئەو ریوایەتانە دەکرێ، بەڵام ئەوا شەش ساڵەبە سەر ڕووداوەکە تێپەڕ دەکات، بەلگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە دەستەوە نیە کە

ڕاستی یەکێ لەو باس و لێدوانانە بسەلمێنێ. بەڵام ئەوە ڕێگای ئەوەمان پێ ناگرێ کە گومانمان لە سەر چۆنیەتی ڕووداوەکە نەبێت و بە پیلان نەزانرێ، چونکە هەولگری ئەمەریکی پێش ئەو کاتی زانیاریەکی زۆریان بە دەست گەیشتبوو لە مەڕ ڕوودانی ڕووداوێکی لەو بابەتە و جولەیەکی ئەوتۆیان پیشان نەدەدا بۆ ڕیگرتن لە ڕوودانی. هەنە دەڵێن ئەگەر ئەوان ئەو زانیاریانەی خۆیان جا نازانین لە بێباکیان یان بە ئەنقەستەوە یان دەستێك لە پشتیەوە بێت، پێشکەش بە شوێنی خۆیان کردبا، نەدەهێشترا ڕووداوەکە سەربگرێ.

چیرۆکی ئەو بەلگەنامانە لە کوێوە هاتووە؟ کێنە ئەوانەی قسەیان لە سەر پێشینەی11ی سەپتێمبەرو نهێنیەکانی کردووە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دۆکمەنیوتی یەکەم: موزەکەرەیەکی نهێنیە لە لایەن دەزگاکانی هەواڵ گری ئەمەریکی بۆ جۆرج دەبلیوو بۆش بەرز کراوەتەوە، لە بەرواری 2001/08/06 واتە 35 ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە. لە ناوەرۆکەکەی ئەوە نوسرابوو کە ئوسامە خۆی بۆ لێدانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە کردووەو دەیەوێ شەڕ بخاتە ناو خاکی ئەمەریکی.

دیسان لە دۆکمەنیوتەکە ئەوە هاتووە کە سەفارەتی ئەمەریکی لە ئیمارات لێدوانێکی تەلەفۆنی بۆ کراوە کە قاعیدە خۆی گەیاندوتە ئەمەرکاو بەنیازی کارێکی تیرۆرستین.

لە پەرەگرافی تر هاتووە کە نوسینەوەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی باس لە 70 لێکۆڵینەوە دەکات کە پەیوەندی بە دەست و پێوەندەکانی بن لادن و ڕفاندنی فرۆکەوە هەیە.

دۆکمەنیوتی دووەم: باس لەو نامانەی کە زەکەریا موسەوی لە بەندیخانە نوسیویەتی و باس لەوە دەکات کە ئەویان لە بەر ئەوە زیندانی کردووە کە یەکێک بیت لەو 20 کەسەی کە پێش ڕوودانی 11ی سەپتێمبەر دەستیان لەو کارە هەبێت. موسەوی لە نامەکانیدا باس لەوە دەکات ئەگەر کارەکە وەها بێت ئەدی بۆچ (هانی حنجوریان بەند نەکردووە کە ئەویش ناوی لە گەڵ 19 کەسەکەیە و وەک منیش پێشتر لە خوێندنگای فرۆکەوانی بووە. نامەکە باس لەوە دەکات کە حکومەتی ئەمەریکی و گەورە ئەفسەرانی نوسینگەی لێکۆڵینەوە بە ئەنقەستەوە ڕێگەیان داوە کە 11ی سەپتێمبەر کاری خۆی بکات تاوەکو بە دوایەوە بیانوی وێرانکردنی ئەفگانستانیان بۆ دروست ببێ.

نامەکەی موسەوی باس لەوەش دەکات کە لێکۆڵەرەوە ژنێکی (ئێف. بی. ئای) ناوی (کۆلین ڕووئی) بوو، و لە نوسینگەی مینیا بۆلیس، زیندانیان کردو دواتر دەست لە کار کیشانەوەی خۆی پێشکەش کردبوو. ئەو وای باس دەکرد کە شاردنەوەی زانیاری بە ئەنقەست لە لایەن ئێف. بی. ئای بە شێوەیەکی زۆر سەرسوورهێنەر بوو لە سەر ئەو جموجۆلە تیرۆرستیانەی کە بۆ 11ی سەپتێمبەر ئامادە دەکرا.

دۆکمەنیوتی سێیەم: ڕاپۆرتێکە لە لایەن نوسینگەی لێکۆڵینەوەکان لە شاری فینکس، لە بەرواری 2001/07/10، ڕێک دوو مانگ پێش ڕووداوی 11ی سەپتێمبەر ئامادە کراوە. باس لەوە دەکات کە کەسانێکی زۆر لە دەست و پێوەندەکانی بن لادن لە خوێندنگای فرۆکەوانی لە وڵایەتی ئەریزۆنا مەشقیان دەکرد. لە ڕاپۆرتەکە واهاتووە کە کارەکان بە ڕێکەوت هەڵنەکەوتووە بەڵکو بەرنامە ڕێژ کراوە لە لایەن بن لادن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە شارەزایەکی تەواویان هەبێت لە کاری فرۆکەوەوانی مەدەنی بۆ خۆ ئامادە کردن لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەو کارە تیرۆرستیەی کە پێیان دەسپێردرێت.

دۆکمەنیوتی چوارەم: باس لە خوێندنی ستراتیژی دەکات کە لە ئەیلولی 1999 لە لایەن (دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی) سەر بە دەزگای هەواڵگی (ێستخبارات) ئەمەریکا کە دەکاتە ڕێک دوو ساڵ بەر لە ڕووداوەکە دەکا و بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی چاودێری کردن بە مەبەستی ئاگا لێبوون لە دیاردەی تیرۆرستی. ئەو دەزگایە هەندەک کاری ئامادەکاری سیناریۆی شێوەی هێرشە تیرۆرستیە نوێیەکانی کە لە دوایی ڕوو دەدات یان خولقاندنی لە پاشەڕۆژدا، ئامادە دەکات. ڕاپۆرتەکە باس لەوەش دەکا کە خۆتەقێنەرەوەکان لە (فەیلەقی شوهەدا) شێوەی جۆراو جۆر لە هێرشە تیرۆرستیەکان بەکاردێنن بۆ لێدانی پایتەختی ئەمەریکی. وەک ئەگەری بەکارهێنانی خۆپێدادان بە بنتاگۆن یان کۆشکی سپی یان بنکەی هەولگری ئەمەریکی.

## ڕێک ئەوەی ڕوودەدا چیە؟

دەزگای هەولگری پێشتر واتە پێش ڕووداوی 11ی سەپتێمبەر ئەوەیان دەزانی کە ئوسامە دەیەوی ڕووبەڕوو بوونەوەکانی بخاتە ناو خاکی ئەمەریکی و بۆ ئەو مەبەستە زۆرێک لە هەوادارانی خۆی بە مەبەستی خۆ ئامادە کردن بۆ کاری تیرۆرستی، ڕەوانەی ئەمەریکای کردبوون. بەڵێ جموجولە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 22:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تیرۆرستیەکانیان لە چاوەڕوانی دابوو بە تایبەتی ئەوانەی لە خوێندنگاکانی فڕۆکەوانی لە ئەمەریکا، ڕیکاو ڕیک لە ولایەتی ئەریزۆنا.. دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئەمەریکی دوو ساڵ بەر لە ڕووداوەکە پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە قاعیدە نیازی وایە نوێکاری بکات لە هێرشە تیرۆریستیەکانیان وەک خۆ لە بنتاگۆن یان کۆشکی سپی دان بە ئەو فڕۆکانەی کە فراندویانە.
لە ڕیگای ئەو هەموو سەرنجدانانەدا لە بەرچی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا جولە ناکات بۆ گرتنی ئەو 19 کەسەو پووجەل کردنەوەی پیلانەکەیان.
کۆشکی سپی دوو ساڵ پاش ڕوداوەکە پاس ئەوو هەموو نکۆڵی کردنانەیان، دانی بەوە نا کە سەرۆک جۆرج دەبلیو بۆش ئەو ڕاپۆرتەی نەخوێندبۆوە کە دەزگای (سی. ئای. ئەی) لە بەرواری 2001/08/06 پێشکەشی کردبوو کاتێ کە ڕاپۆرتەکەی خوێندبۆوە، ڕۆژەک بە سەر ڕووداوەکە تێپەڕی بوو، کە دەکاتە 2001/09/12.



بەلگە نامەکە باس لەوە دەکات کە دەبێ وریا بن لە هەوادارەکانی ئوسامە بن لان لە خوێندنی فڕۆکەوانی لە ئەریزۆنا، داوای ئەوەش دەکات کە لیستێکیان بۆ ئامادەبکەن کە ناوی هەموو بیانیەکانی تیا بێت کە کە چوونەتە خوێندنگەی فڕۆکەوانی. لیژنەی لێکۆڵینەوەکە کۆنگرێسی ئەمەرکی پێکی هێنابوو، هەستان بە پشکنینی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە لە بەرژەوەندی کاری تیرۆری دانە. کارەکەش بنکەی ناوەندی (ئێف. بی. ئای) پێی هەڵسا. ئەو دۆکمەنیوتە لە 2001/07/27 خوێندنەوەی لە سەر کراو مەلەفێکیش لە سەر کۆمپیوتەر کرایەوە بە ناوی (یەکەی ئوسامە بن لادن) . ئەو شانەیەش سەر بە دەزگایەکی پرۆفیشنال بوو و سەر بە وەکالەی هەولگری ناوەندی بوو. لە ڕاپۆرتی خۆیان باس لەوە دەکات کە ئێستاکە هیچ ئیجرائاتێک وەرناگرین. زەکەریا موسەویش لە نامەکانی خۆیدا باسی لەوە دەکرد، ئایا ئەو پشت گوێ خستنەی ئەو زانیاریانەی کە لە (لایەن ئێف. بی ئای) هەیە بە ئەنقەستە یان کاری ژێراو ژێری لە بن دایە بۆ ئەوەی ڕووداوی 11ی سەپتێمبەر ڕووبدات و بە دوایەوە ئەوان لە سەری بکەنە هەلاو بشیکەنە بیانۆ بۆ دروست کردنی شەرو هێرش کردنە سەر وڵاتانی ئیسلام. لێکۆلەرەوە ئەمەریکیەکەش (کۆلین ڕوولی) کە دواتر دەستی لە کار کێشایەوە هەمان قسەکانی زەکەریا موسەوی دووبارە دەکردەوە.

وەرگێڕانی: مەهدی کاوانی/بەریتانیا /2007/09/14
mahdikawani@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.